بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت هوونکردنەوەی لێبارەی هێرشکەی سەر فڕۆکەخانەی دا

بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت هوونکردنەوەی لێبارەی هێرشکەی سەر فڕۆکەخانەی کشتووکالی عەربەت بەاوکردەوە و رایگەیاند، "لە هێرشکەدا شەش کەس گیانیان لەدەستداوە و کەسکی دیکەش بریندار بووە، تا ئێستاش زانیاری دروست و پشت پاستکراوە بردەست نییە سەبارەت بەو لایەنەی هیرشکەی ئەنجامداوە".

دابان مەحەمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت - تانجەرۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد، لە کاتژمێر 4:05 خولەکی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە ڕێگەی درەنەوە هێرشکرایەسەر فڕۆکەخانەی کشتوکالی عەربەت و دەستبەجێ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و ئاگرکوژاندنەوە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، ئاماژەی بەوەشکرد، تا ئێستا زانیاری دروست لەبەردەست نییە سەبارەت بەو لایەنەی هیرشکەی ئەنجامداوە، بەڵام بەپێی ئاماری پشت پاستنەکراوە شەش کەس گیانیلەدەستداوە و کەسکی دیکەش بریندار بووە، بەڵام زانیاری لەبارەی بریندارەکان و ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە نەخراوەتەڕوو.